**بۆ / وەزارەتی دادی هۆڵند**

**پلش سلاو ڕێز**

بەڕێزان سەرەتا بە پێویستی دەزانین کە لە چەند پەرەگرافێکدا خۆمانتان پێ بناسێنین و دواتر بینەوە سەر داواکاریەکەمان لە پەیوەند بە ناردنی ئەم نامەیە .

ئێمە وەك کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس ماوەی چەند مانگێکە دەست بەکاربووین و ئامانجی ئێمە دادگایی کردنێکی عادیلانەی سەرانی بەعس و هەموو ئەو کەسانەیە کە بوونەتە هۆی کوشت و کوشتاری خەڵکی کوردستان و عیراق بە گشتی .

.....تا ئیستە لە چەند بواری دیاری کراودا کارمان کردوە هەر لە بواری کۆکردنەوەی دۆکیومەنت شکاتنامە لەسەر تاوانەکانی بەعس تا بە کۆکردنەوەی ئیمزای زیاتر لە 150 هەزار کەس لە کوردستانی عیراق دا بۆ پشتگیری کردن لە داخوازیەکانی کەمپینەکەمان و هەروەها بە دەستهینانی پشتگیری زیاتر لە 600 پاریز وسەدان ونووسەرو ئەدەیب و سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراوی کوردستان تا ئاستی ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرەکانی ئەم مەبەڵندە.......!

بۆیە لەمبارەوە بەئەرکی خۆمانی دەزانین کە دەخالەتێك لە مەسەلەی دەستگیرکردنی (( فرانك فان ئەنرانت ))دا بکەین وپێشەکیش ئامادەی خۆمان دەربرین بۆ هەرجۆرە هاوکاریەك کە بەئێمە بکرێت و بتوانیت کۆمەکیك بە ڕوون کردنەوەی ئاستی تاوانەکانی ناوبراو بکات.

بەڕێزان لەم ڕۆژانەدا ئاگاداری هەنگاوێکی گرنگی حکومەتی هۆڵند بووین لەپەیوەند بە دەستگیرکردنی بازرگانی ناودارو هاوکاری حکومەتەکەی سەدام حسین، ئاغای ((فرانك فان ئەنرانت)) کە لەبەرواری 6 / 12 / 2004دا لە لایەن دام و دەزگاکانی پۆلیسەوە دەستگرکرا.

ڕۆشنە ناوبراو یەکێك لە ناسراوترین ئەو بازرگانانەیە کە بەهۆی فرۆشتنی کەرەسەی جەنگی و کۆمەلکوژی یەوە بە حکومەتەکەی سەدام حسین لە ناوەڕاستی دەهەی هەشتاکان بەدواوە واتە دروست لە دەورانێکدا کە حکومەتی عیراق لە ڕێگەی بەکارهێناو ساغکردنەوەی ئەو کەرەسە جەنگی وکۆمەلکوژیانەوە گەورەترین جینۆساید لە ناوچەکەدا خولقاند کە ڕەنگە کارەساتی هەڵەبجە تەنها وەك هێمای مەترسیدار بوونی چەکە کیمیایەکان ناوزەد کرابیت بۆ نیشاندانی سنووری فراوانی وسەراتاسەری بوونی ئەم جینۆسایدە لەهەموو عیراق .

بۆیە لەمبارەوە ئێمە وەك کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین وسەرانی بەعس، داواتان لێ دەکەین بەحوکمی کارنامەیەك کەلەمبارەوە هەمانە، ڕیگەبدەن کە ئێمە وەك وەکیل عامی خەڵکی کوردستان لەپرۆسەی لیکۆڵینەوەو دادگایی کردنی (( فرانك فان ئەنرانت))دا بەشداری بکەین. هەروەها هیوادارین وەك نیشاندانی هەلویستێکی ئینسانی حکومەتی هۆلندو بۆ ڕێزلێنان لە گیانی هەزاران قوربانی وخەلکی کوردستان بە گشتی ئەم چەند خاڵە لەبەرچاوبگرن :

1- ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی ئاست و قەبارەی هاوکاری (( فرانك فان ئەنرانت )) لەگەل حکومەتی بەعس دا.

2- خستنە ڕووی هەرجۆرە زانیاری یەکی تر کە بەڵگەی هاوکاری کردنی هەر کەسان و لایەن و ئۆرگانێك بێت .

3- تەقەلایەکی تەواو بۆ دەستنیشان کردن و دەستگیرکردنی هەر کەسانێك کە سەر بەحیزبی بەعس بوون و ڕاستەخۆ دەستیان هەبووە لە کوشتارو تاوانەکانی ناو عیراق و کوردستان دا.

4- بەهیواین کە یەکێك لەسزاکانی ((فرانك فان ئ ەنرانت))بریتی بێت لە گواستنەوەی هەموو ئەو کەسانە بۆ هەندەران کە بەهۆی بۆردمانی کیمیای یەوە تائیستەش ڕەنج دەبەن لە ئاسەواری برینەکانیان ، تا بەم جۆرە پاش دوو دەهە چارەسەرێك بۆ ژیانی ئەو کەسانە بدۆزرێتەوە کە (( فرانك فان ئەنرانت)) ناوەکان کردونی بە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان .


بەهیوام سەرکەوتووبن

ریبوار عارف

لێپسراوی کەمپینی دادگایی کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس

2004 / 12 / 10

**fediraq@welho.com**

کەمپینی دادگای کردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس
ژمارە تەلفون 07701531852 ناونیشان / سلیمانی شەقامی قەنات / تەلاری شنرویٚ / نهومی دووەم